


## دەنگی هەرمان

من ئەم کتێبە وەک نموونەیەک دەهێنمەوە بۆ کارێک کە نووسەرانی دوارۆژی مێژووی بۆکان دەبێ رچاوی بکەن : نووسینی ژین نامە و بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ و شاعیر و هونەرمەندانی بۆکانی.
واتە دەبێ مێژووی هەمەلایەنەی بۆکان بە شێکی بەرچاوی تەرخان بکرێت بۆ ناساندنی ئەو کەسانەی وا خزمەتکاری کولتوور و زمانی نەتەوایەتی و لەوە زیاتر، ناسێنەری کولتووری جیهانی بە گەلەکەیان یا پێشکەشکەری کولتووری کوردی بە مرۆڤایەتی بوون.
بێگومان وەرگێڕان بەشێکی گرنگی ئەم کارە پێک دەهێنێت بە بێ پەرەسەندنی کاری وەرگێڕان لە زمانانی دیکەوە بۆ سەر زمانی کوردی و بە پێچەوانەش، کورد دەبێتە گەلێکی دابڕاو لە فەرهەنگی جیهانی و لە تەنیایی و دابڕاویدا دەخنکێت.

کتێبی تازەی وەرگێری زەحمەتکێشێکی کورد – کاک محەمەد رەمەزانی، هەنگاوێکە لەم بوارە گرنگەدا. رەمەزانی بە بێ هەست و خوست و بە بێ ئیددیعا و لە خۆبایی بوون لە مێژساڵە خزمەتی زمانی کوردی دەکات. ئەو چیرۆکانەی وا لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریدەگێرێتە سەر زمانی کوردی، یارمەتی هەموو لایەکمان دەدات ئەدەبی جیهانی بناسین و لاوەکانمان فێردەکات چۆن بنووسن، چی بنووسن و بۆچی بنووسن.

"دەنگی هەرمان" کۆمەڵەی 17 چیرۆکی کورتە - کە زۆربەیان نووسەر و چیرۆکنووسی ناسراوی ئینگلیزی زمان نووسیویانن. (جیمز جۆیس، ئێرنێست هێمینگۆیی و ...)، هەندێکیان هی نووسەرانی گەلانی دیکەن و کاک محەمەد لەبەر تەرجەمەی ئینگلیزییانەوە وەریگێڕاونە سەر کوردی (ئالبێر کامۆ، داستایۆفسکی، ماکسیم گورکی و ...)، بەشێکیان هی سەردەمی تازەترن و کەمتر ناسیاوی زیهنی خوێنەری یاساییین(ئێود دی. هۆچ، فرانک ئۆکانێر، رابرت ئێم. کۆوتس و ...)، کە بەتایبەت ئەم بەشەی دواییان خاوەنی گرنگایەتی تایبەتە و لاوەکانمان لەگەڵ ئەدەبی نوێی جیهان ناسیاو دەکات.
وەرگێڕ لە پێشەکییەکی 20 لاپەڕییدا، پوختەی چیرۆکەکان و ژیانی نووسەرەکانیان بە خوێنەر دەناسێنێت و ئەوە کارێکی بەکەڵکە، بەتایبەت بۆ لاوەکان و ئەو خوێنەرانەی وا شارەزایی کەمتریان لەسەر نووسەری چیرۆکەکان هەیە.

قەڵەمی رەمەزانی رەوان و زمانی پاراوە. مۆرکی شێوە نووسینی موکریانی و تەنانەت بن لەهجەی مەهابادی بە نووسینەکانەوە دیارە. ئەوەش لەو پێشەکییە بە ناوەرۆکە دەردەکەوێت کە بۆ کتێبەکەی نووسیوە. تەنزێکی نەرم هاوڕێ لەگەڵ زمانێکی سیمبۆلیک رادەی پێشەکییەکەیان گەیاندۆتە شوێنێک کە خوێنەر هەست

دەکات ئەگەر نووسەری دێڕەکان بە کاری تەرجەمەوە خەریکیش نەبوایە، خۆی دەیتوانی نووسەرێکی سەرکەوتووی شارەزای بەرز و نزمی زمانی نەتەوایەتی بێت.

محەمەد رەمەزانی، *"دەنگی هەرمان"*-کۆمەڵەی 17 چیرۆکی *ئەمریکایی و ئورووپایی، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناشر: وەرگێڕ؟*، چاپی *سلێمانی' 2008، 277 لاپەڕە، کوردی.*